# ڕێوی و کۆتر و کەڵەشێر

فۆلکلۆر

هەبوونەبوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان.. ڕێوی برسی بوو و بەدوای پاروەنانەکی چەوردا ئەگەڕا، چوە نێو گوندی..، دیتی ئەوە مریشک لە دەوری عەمبارێ گەنمی خڕبووینەوە و کەڵەشێریش بەدەورەیاندا ئەگەڕێ.

کە ریوییان دیت.. هەموویان هەڵاتن.

ڕێوی بانگی کەڵەشێری کرد و گوتی: (برا گیان بۆ ئەترسێی؟ تۆ ئەزانی زوڵم نەماوە و دونیا خۆشبووە و منیش وا ئەچمە حەجێ).

کەڵەشێر باوەڕی کرد و گوتی: (کەوایە منیش لە گەڵ تۆ دێمە حەجێ)

ڕۆیشتن و لە ڕێگەدا تووشی کۆترێک بوون، کۆتر پێی سەیر بوو گوتی: (کاکی کەڵەشێر چ باسە.. تۆ و ڕێوی پێکەوەن؟).

کەڵەشێریش گوتی: (برا .. نەتبیستووە دونیا خۆشبووە و زوڵم نەماوە. ئێستا من و ڕێوی ئەچینە حەجێ تا لە گوناهان پاکبینەوە).

کۆتر گوتی: (کە وایە منیش لە گەڵتان دێم).

هەر سێ پێکەوە کەوتنە ڕێ و ڕێوی وەپێشیان کەوت و بردنیە کونەکەی خۆی.

گوتی: (ئەمشۆ لێرە ئەحەسێینەوە و بەیانی ئەکەوینە ڕێ).

ڕێوی دەرگەی کونێی لێگرتن و گوتی: (برایان، ئاگادار بن هەراهەرایە نەکەن تا بەئارامی بخەوین، وەرن بڕیارەکی بدەین، هەرچی ئەوشۆ دەنگە دەنگی کرد.. بیخۆین).



کەڵەشێر لای بەیانی کاتی بانگدانی بوو ، خۆی پێڕانەگیرا، باڵی لێکدان و قوقاندی..
ڕێوی هەڵسایەوە و گوتی: (ها برای ئەزیز بڕیارمان چ بوو؟ لە بیرت چوو..).
کەڵەشێر خۆی پێڕانەگیراو دیسان قۆقلیقۆی دەستپێکرد. ڕێویش گرتی و خواردی.
پاش کەمێک هەتاو هەڵات و کۆتریش گماندی و دەستی بە بڵغە بڵغ کرد.
ڕێوی گوتی: (ها برا گیان .. بڕیارەکەت لە بیر چوو..؟ بە چاوی خۆت نەتدی کەڵەشێر چی بەسەر هات؟).
خۆی دە کۆترێ کرد و گرتی و لەکونێ هاتەدەرێ.
کۆتر گوتی: (برای بەڕێز.. پێش ئەوەی بمخۆی حەز ئەکەم پێم بڵێی تۆ لە چ تایەفەیەکی .. پاشان بمخۆ).
ڕێوی گوتی: (لە تایەفەی محەمەدی،) لەگەل گوتنی و شەی (محەمەدی)، ڕێوی زاری لێککردەوە و کۆتر دەرپەڕی ولەشەقەی باڵانیدا.

ڕێوی بەداخێکەوە چاوی لێکرد و گوتی: (خۆزیا گوتبام لە تایەفەی (جەرجیسم) ددانم لێکنەئەبوونەوە و کۆتر نەئەفڕی).





# دوو هاوڕێ

**چیرۆک: تۆلستۆی**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەحمەد عارف**

دوو هاوڕێ لە دارستانێکدا پیاسەیان دەکرد، ورچێک پەلاماری دان، یەکێکیان هەڵات و خۆی گەیاندە سەر دارێک و خۆی شاردەوە. ئەوی تریان لەو مەیدانە مایەوە، چ بکا.. چ نەکا؟ نا چار دەمەو روو خۆی بەعاردی دادا و خۆی کردە مردوو، کاتێ ورچەکە لێی نزیک بۆوە و بۆنی پێوەکرد، ئەو هەناسەی لە خۆی بڕی، ورچەکە وایزانی مردووە و رۆیشت،

وەختێ ورچەکە رۆیشت، هاوڕێکەی سەر دارەکە دابەزی و بەدەم پێکەنینەوە گوتی: ئەوە ورچەکە چی پێ گوتی؟

- ئامۆژگاری کردم و گوتی: هاوڕێیەتی کەسانێ مەکە لە تەنگانەدا بەجێت دێڵن!

